دکتۆر فرێدرێک تیسۆ نوێنەرایەتی فەرەنسا لە کوردستان و بەرپرسی نووسینگەی هەولێری باڵیۆزخانەی فەرەنسا

# فەرەنسا لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەشدار دەبێت

**کوردەکان بەشێکی چالاک و بەرپرسیارن لەپرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق و ڕۆڵێکی گرنگیان لەبواری سیاسی و ئاوەدانکردنەوە هەیە**

**فرێدرێك تیسۆ-**

بەشـــداربوونی فەرەنســـا لە ئاوەدانکردنەوەی عێراق و کوردستان ئامانجی سەرەکی کردنەوەی نووســـینگەی باڵیۆزخانەی فەرەنسایە لە هەولێر، هاوکات لەپێشـــکەوتنی پرۆسەی سیاسی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و کلتوری فەرەنسا لەناوچەی تر ئامانجێکی تـــری کردنـــەوەی نووســـینگەکەیە، حکومەتی فەرەنســـا بڕیاری بەشـــداربوونی لە ئاوەدانکردنەوەی پرۆســـەی سیاســـی و ئابووری عێراقی داوە، نوێنەرایەتی ئەو نووســـینگەیە بەشـــێوەیەکی ڕەسمی کراوەتەوەو کاردەکات، ئێمە لەکوردستان بەرنامەو پرۆگرامان داناوە بۆ کارکردن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، حکومەتی هەرێمی کوردســـتان زۆر بەرنامەو پرۆژەی لەبەر دەســـتدایە بۆ جێبەجێکردن، ئێمـــەش دەخوازین لەو پرۆژەو کارانە بەشـــداربین و لەبوارەکانی ئاوو کارەبـــاو بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری هاوکاربین، فەرەنســـا مەرج نییە وەکو حکومەت ڕاســـتەوخۆ کار بـــکات، بەڵکو لەڕێگای گەورە کۆمپانیاکانی فەرەنساوە بەشـــداری لەپرۆژەکانی وەبەرهێنان بکەین، بەتایبەتی لەوکەرتانەی کە پێویستی بەپێشخستن هەیەو فرسەتی کاری باشـــی هەیە تێیدا، وەکو پرۆژەکانی ئاوو کارەباو کشتوکاڵ، فەرەنسا ڕاســـتەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەپرۆســـەی ئاوەدانکردنەوەو بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان بەشدار دەبێت، ئەمەش لەڕێگای گەورە کۆمپانیاکانەوە، ئەم بەشداربوونەش سەرجەم عێراق دەگرێتەوە، ئارامی و ســـەقامگیری سیاســـی و ئەمنی لەهەرێمی کوردســـتان جێگای شـــانازی و دڵخۆشییە، وەکو فەرەنســـا جیاوازی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوچـــە هەرێمەکانی دیکە دیارەو لەبەرچاوە، بۆیە حەزدەکەین هەرێمەکانی تریشی کوردســـتان بکەن بەنموونە بۆ ڕاگرتنی ئارامی و ئاســـایش کە لە کۆتایی دا لەبەرژەوەندی خەڵك دەبێت، بەهێزکردنی پرۆسەی دیموکراتییەت و پەرەپێدانی ئابووری لە بنیاتنان و پێشخستنی ژێرخانـــی ئابوورییەوە دەســـت پێ دەکات، ناوچەکانی ناوەڕاســـت و خواروی عێراقیش پێویستە ئەو ڕاستییە بزانن، کە بەبێ ئارام بوونی ناوچەکەیان ناکرێت پرۆســـەکانی بەهێزکردنـــی ژێرخانی ئابووری و پەرەپێدانی دیموکراتییەت پەرەی پێ بدرێت، ئارامی و ســـەقامگیری بارودۆخەکەی کوردســـتانیش واقیعێك بۆ ئێمەی فەرەنســـی دروست دەکات، کـــە لەدواڕۆژدا هەرێمەکە بکەینـــە پێگەیەکی بەهێز لەپێناو فراوانکردنی کارو پرۆژەو چالاکییەکانمان بۆ سەرجەم ناوچەکانی تری عێراق کۆمپانیاکانی فەرەنســـا لەعێراق وجودیان هەیە، بەڵام بەهۆی خراپی بارودۆخەکەی عێراق کاروچالاکییان فراوان نەکردووە، دامەزرانی نووســـینگەی باڵیۆزخانەی فەرەنسا سەرەتایەکە بۆ فراوانکردنی کارو چالاکییەکانیان لەکوردســـتان و یەکەمین ئەرکیش ڕاکێشان و هێنانی گەورە کۆمپانیاکانی فەرەنسایە بۆ کوردستان .

ئـــەو وڵاتانـــەی لەجەنگ دەردەچـــن پەیڕەوکردنی ئـــەم خاڵانە گرنگە تاوەکو بتوانن لە پرۆســـەی بنیاتنانەوەو بەهێزکردنی ژێرخان سەرکەتووبن:

- دەزگای ســـەربەخۆی گەورە دامەزرێنرێت و پێشـــبخرێت، وەکو دەزگای وەبەرهێنان، دەزگای دەســـتوور داد و یاساو بوارەکانی تری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ...هتد .
- وەبەرهێنەکان و بیزنسمانەکان متمانەیی بۆ دابین بکرێت، کەسی وەبەرهێنەرو کۆمپانیاکانیش پێویســـتییان بە ژینگەیەکی وا هەیە بۆ کارکردن کە متمانەیی تێدا بێت ..
- خاڵی ســـێیەم بواردانە بەشـــێوەیەکی یەکســـانانەو دادوەرانە بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان لەلایەن کۆمپانیا بیانییەکانەوە .
- پێویســـتە ئەو گەشـــەکردن و بەرهەمهێنانەی کە دروست دەبێت، بەشێوەیەکی فراوان دابەشبکرێت بەسەر هاوڵاتییان دا، واتە لەپرۆسەی ئابووری زۆرینەی خەڵك بەشدار بێت کوردستان لەعێراق دایەو کوردەکان بەشدارن لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو وڵاتە.

**کورد بەشداری ئاوەدانکردنەوەی سیاسی عێراق دەکات و فاکتەری ئارامی ئەو وڵاتەیە**

عێراق بەو پێیەی ناوی لەڕیزبەندی پێشەوەی وڵاتانی گەندەڵکارو ناشەفاف لەجیهاندا هاتووە کاریگەری خراپی ئەو ڕەوشە لەسەر هەرێمی کوردســـتانیش هەیە، بەڵام کوردستان لەعێراقدایەو ٥٨ نوێنەری کورد لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە هەیەو لەبەغدا سەرۆکێکی کورد حوکم دەکات و وەزارەت گرنگیشـــی هەیە، واتە کورد بەشـــداری ئاوەدانکردنەوەی سیاســـی عێراق دەکات و فاکتەری ئارامی ئەو وڵاتەیە، وەکو هەموو نەتەوەیەکی تری عێراق .



کوردەکان بەشـــێکی چالاك و بەرپرســـیارن لەپرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێـــراق و ڕۆڵێکی گرنگیان لەبواری سیاسی و ئاوەدانکردنەوە هەیە .

پاراســـتنی ســـەقامگیری تەنیا لەناوخۆ نییە بەڵکو پێویســـتە ئاگاداری پەیوەندییەکانیش بن لەگەڵ وڵاتانی دراوســـێ، هێرشەکەی ئەم دواییە سوپاسی تورکیا کێشەیەکی گەورەیـــە بۆ هەرێمی کوردســـتان و، نا ســـەقامگیری ناوچەکە، لەم ڕوانگەیـــەوە گەورەی بەرپرســـانی یەکێتی ئەوروپا دژی ئەو هێرشـــە ڕاوەستاون و لەگەڵ ئەوە نەبوو کە گرفت و کێشەکان لەڕێگا چارەسەری سەربازی دەبێت بە پێچەوانـــەوە لەڕێگای گفتوگـــۆو دانوســـتانی سیاسی چارەسەر دەبێت .

**دکتۆر فرێدرێك تیسۆ**
**Frederic tissot**
**لەهەرێمەکانی ئەفغانستان و یوگسلافیای پێشوو سۆماڵ و هایتی کاریکردووە لە ٢٠٠١ بۆ ٢٠٠٥ ڕاوێژکاری وەزیری تەندروستی ئەفغانستان بوو، لەهایتیش ڕاوێژکاری وەزیری تەندروستی بووە، برنارد کۆشنەر وەزیری کاری دەرەوەی فەرەنسا بڕیاری دا کە نوێنەرایەتی فەرەنسا لەهەرێمی کوردستان بکات، برنارد کۆشنەر لەزۆر پۆستی وەزاری لەفەرەنسا کاریکردووە، ئێستاکە پۆستی وەزیری کاری دەرەوەی فەرەنسایی پێ دراوە.**

پروس پۆسکۆیت Bruce Bousguet شارەزای بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری کە چەندین ساڵە لە چوارچێوەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییە بەرهەمهێنەکانی کارەبا کاردەکات، سەرپەرشتی و ئەرکی بەگەڕخستنی زیاتر لە ١٨ وێستگەی گەورەی بەرهەمهێنانی لە ئەمەریکا کردووە، لەم راپۆرتەدا باس لەوەدەکات :(( لە ئەمەریکا خەڵك و بیزنسمانەکان تەنیا ئاگاداری ئەو بارودۆخە دژوارەن کە ناوەراست و خوارووی عێراق پێیدا تێپەڕدەبێت، لەوێ خەڵك و لەناویانیشدا بازرگان و بیزنسمانەکان ئاگاداری هەرێمی کوردستان نین، کە ئارامی و سەقامگیری تێدایە..)) پۆسکۆیت پێی وایە راگەیاندنی بیانی و کوردیش کەمتەرخەمە بەوەی بارودۆخی ئارامی و سەقامگیرییەکەی کوردستان بە پێی پێویست رێکلامی بۆ نەکراوە ((راگەیاندنەکان بە راگەیاندنی ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش رۆڵێکی باشیان نەگێڕاوە بۆ ناساندنی بارودۆخەکەی کوردستان کە کارو هەوڵێکی جددی دەوێت، چونکە کوردستان کەوتۆتە ناوچەو پێکەیەکی نائارامی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە)).

ئەم لێدوانەی پۆسکۆیت لە چوارچێوەی گفتوکۆیەك دێت کە لەگەڵ ناوبراو ئەنجامی دراوە سەبارەت بە سستی کەرتی تایبەت لە کوردستان و کاریگەری توندوتیژییەکانی ئەم دواییەی ناوەراست و خواری عێراق لە سەر ئاستی گەشەکردنی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان.



پروس پۆسکۆیت Bruce Bousguet لە چوارچێوەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییە بەرهەمهێنەکان کار دەکات و سەرپەرشتی بنیاتنانی چەندین پرۆژەی ستراتیژیی کردووە ( بۆ گوڵان ):

■ پروس پۆسکۆیت Bruce Bousguet شارەزای بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری لە بواری بەرهەمهێنانی کارەبا، لەگەڵ کۆمپانیای GE ی ئەمەریکی کاریکردووە، بۆتە سەرۆکی لیژنەی هونەری کۆمپانیاکە، سەرپەرشتی و بەگەڕخستنی زیاتر لە ١٨ وێستگەی گەورەی بەرهەمهێنانی لە ئەمەریکا کردووە، بروس پۆسکۆیت کە چەندین ساڵە لە چوارچێوەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییە بەرهەمهێنەکان کار دەکات و سەرپەرشتی بنیاتنانی چەندین پرۆژەی ستراتیژیی کردووە، لە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست کاریکردووە لەوانە وڵاتانی ئوردن و لیبیاو بەحرەین و سوریا .. ■

# عێراق بە دۆخێکی توندوتیژو جەنگی دژ بە تیرۆر تێپەڕدەبێت، ئەم حاڵەتانە هەمووی کاردانەوەی خراپی لە سەر ژینگەی وەبەرهێنان لە کوردستانیش هەیە

کەرتـــی تایبـــەت لەزۆر وڵاتـــی پێشـــکەوتوو توانی چارەســـەری ئەو گرفت و کێشـــانە بـــکات کە لە بواری بێ بەرهەمی و نزمی ئاســـتی خزمەتگوزاری دووچاری ئابـــووری و وڵاتەکانیـــان بوو، ئەمەش لـــە چوارچێوەی نزامی سەرمایەداری کە لەسەر بنەمای ئابووری لیبرالی دامەزراوەو بانگەشەی ئەمجۆرە بەڕێوەبردنە دەکات، رەنگە خەســـڵەت و شـــێوازی بەڕێوەبردنەکە لە میللەتێکەوە بۆ میللەت و لە بازاڕێکەوە بۆ بازاڕێکی تر جیاواز بێت، بەڵام لـــە ناوەڕۆکدا حکومەت رۆڵی چاودێرەو بوار زیاتر دەداتە بەشداری زۆرینە لە پرۆسەی بەڕێوەچوونی ئابووری، ئەم سیستەمەی کەرتی تایبەت و بواردان بە بەشداری زۆرینە لـــە بنیاتنانی ژێرخان و پرۆســـەی بەرهەمهێنان کارێکی ســـەرکەوتووەو تاکو ئێســـتا بەدیلی ئەم بەڕێوەبرنە نەبووە، بگرە گۆڕینی شێوازی بەڕێوەبرنی پرۆژەو دامەزراوەکان لە کەرتی گشتیی یەوە بۆ کەرتی تایبەت سەرکەوتن بەدەست دەهێنێـــت و ئابووری دەچێتە قۆناغی بەرهەمهێنانەوە، بۆ نموونە لە کوردستان کێشەی کەمی بەرهەمهێنان و لاوازی ژێرخانـــی کەرتی کارەبا هەیە و نـــەك بەرهەمهێنان بگرە گواستنەوەو دابەشکردنیش لە ئاستێکی نزمدایە، ئێستاکە لە لایەن حکومەت هەوڵێکـــی زۆر دەدرێت بۆ دەربازبوون لە چوارچێوەی داخراوی ئەم کێشـــەیە بە تایبەت بواردان بە کەرتی تایبەت بۆ دامەزراندن و بەڕێوەبرنی پرۆژەکان، بگرە سیستەمی چاودێری و بەدواچوون و لێپرسینەوە باشتر دەبێت، تەنانەت لە ئاکامی زۆری کۆمپانیا بەشدارەکان و جۆراوجۆری و جیـــاوازی تواناکانیان ململانێیەك لە پێناو بـــاش کردنی تواناو چالاکییان دەســـت پێدەکات، بەمەش بەرهـــەم و خزمەتگوزارییان پێشـــدەکەوێت، لـــە ئاکامدا تێچوونـــی بەرهەمهێنانی یەکەیەکـــی کارەبا کەم دەکات، لەم بارەیەوە بەرنامەو کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا ســـەرکەوتووە، چونکە لە دوا قۆناغدا لەبری ئەوەی کەرتەکە لە قەیراندا بێت بەرەو کەرتێکی وا هەنگاو دەنێت کە پشت بەخۆی ببەستێت و بەرەو پێش دەڕوات. تەنانەت ئاستی وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان زیاد دەبێت.

## لە ئەمەریکا خەڵک و بیزنسمانەکان تەنیا ئاگاداری ئەو بارودۆخە دژوارەن کە ناوەراست و خوارووی عێراق پێیدا تێپەڕدەبێت

سەبارەت بە نەهاتنی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ کوردستان و بەگەڕنەخســـتنی ســـەرمایە لە بـــواری بەرهەمهێنان و پێشخســـتنی پیشەسازی پۆســـکۆیت پێی وابوو : (لە ئەمەریکا خەڵك و بیزنســـمانەکان تەنیا ئـــاگاداری ئەو بارودۆخـــە دژوارەن کـــە ناوەراســـت و خـــوارووی عێراق پێیـــدا تێپەڕدەبێت، لەوێ خەڵك و لەناویانیشـــدا بازرگان و بیزنســـمانەکان ئاگاداری هەرێمی کوردســـتان نین، کە ئارامی و سەقامگیری تێدایە، دەکرێت بیزنسمان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بێنە کوردســـتان و وەبەرهێنان ئەنجام بدەن، بگـــرە بیزنســـمانی بیانی لە هەرێمەکە پـــارەو داهاتووی زەمانەت بێت، ناســـاندنی بارودۆخەکەو فرسەتەکانی کار پێویســـتی بە هەوڵی زۆر هەیە بۆ نموونە راگەیاندنەکان بە راگەیاندنی ناوخۆی هەرێمی کوردســـتانیش رۆڵێکی باشیان نەگێڕاوە بۆ ناســـاندنی بارودۆخەکەی کوردستان کـــە کارو هەوڵێکی جـــدی دەوێت، چونکە کوردســـتان کەوتۆتە ناوچەیەکی نائارامی رۆژهەڵاتی ناوەراســـتەوە، راگەیاندنەکان بە تایبەتی میدیای جیهانی زۆر بە کەمی ئاماژە بەو جیاوازییە دەکەن.

عێـــراق بە وڵاتێکـــی توندوتیژو نائـــارام ناوبانگی دەرکردووە، هەواڵەکانی بەزاندنی ســـنوری کوردستان لە لایەن ســـوپای تورکیاوە زیان بە هەوڵەکانی راکێشـــانی وەبەرهێنە بیانییەکان بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردســـتان گەیانت، بە تایبەت بۆ هاتنی کۆمپانیا ئەمەریکییەکان کە بەوە ناســـراوە لە شوێنە زۆر ئارام و سەقامگیرییەکان کاردەکـــەن، کۆمپانیایەکـــی ئەمەریکـــی ناتوانێت بە ملیۆنەهـــا دۆلار وەبەرهێنان ئەنجام بدات کە مۆرکێکی درێژخایەنی هەیە، ئەمە گرفتێکە و پێویستە کوردەکان لەگەڵیدا مامەڵەبکەن، کوردســـتان لـــە ناوچەیەکدایە ئەمەریکا کێشـــەی لەگەڵ هەریەك لە ئێران و سوریاو حزبوللاو هێـــزە توندڕەوەکانی ئەفغانســـتان و ناوچەکە هەیە، ئەمەریکا کێشـــەی لەگەڵ ئێران لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەو دەستێوەردانەکانی بۆ ناوخۆی عێراق هەیە، متمانەیەکیش بە رۆڵی ســـوریا لـــە ناوچەکە نییە، لە ناوخۆی عێراقیشـــدا حکومەت نەیتوانیوە هەموو لایەنە سیاسییەکان بەشداری پرۆسەی سیاسی بکات، ململانێی سیاسی تووند لە پشت بەردەوە هەیە، لە کاتێکدا عێراق بە دۆخێکی توندوتیژی جەنگی دژ بە تیرۆر تێپەڕدەبێت، ئەم حاڵەتانـــە هەمووی کاردانەوەی توندی لە ســـەر ژینگەی وەبەرهێنان لە کوردستانیش هەیە..

حکومەتی هەرێمی کوردســـتان ئەرکی ئەوەی دەکەوێتە سەر شان ژینگەی وەبەرهێنان باشتر بکات و بە کۆمپانیا ئەمەریکییەکانی بناســـێنێت و دۆخەکە باشـــتر رابگرێت، میدیـــای حکومی و ســـەربەخۆش نەیتوانیوە رۆڵێکی وا بگێڕێت روخســـاری جوان و باش و دەوڵەمەندی هەرێمەکە بە جیهانی دەرەوە بناســـێنێت، یاســـای وەبەرهێنان و هەل و فرســـەتەکانی کارکردن لـــە هەرێمەکە بـــە کۆمپانیاو بیزنسمانەکان بناسێنێت، کارکردن لە عێراق مەترسی تێدایە بەڵام هیچ کارێکیش بێ مەترســـی نییە و پێویســـتی بە زەمانات و گرەنتی هەیە تاوەکو بیزنســـمانەکان لە کارکردن لە عێراق و کوردستانیش بە بێ دڵەراوکێ پەرە بەکارەکانیان بدەن.

> **لە ئەمەریکا خەڵک و بیزنسمانەکان تەنیا ئاگاداری ئەو بارودۆخە دژوارەن کە ناوەراست و خوارووی عێراق پێیدا تێپەڕدەبێت، لەوێ خەڵک و لەناویانیشدا بازرگان و بیزنسمانەکان ئاگاداری هەرێمی کوردستان نین**